# ئەو رۆژەی پارلەمانی کوردستان
# دانیشتنێکی تایبەت کرد بە کوشتنی ژنان چی گوزەرا

**هانا شوان**

چەند رۆژێك بەر لە رۆژی 2007/7/4 راگەیەنرا کە پارلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت دەکات بە کوشتنی ژنا ن و تیایدا لێپرسینەوە لەگەل چەندوەزیرێك دەکات کە وەزارەتەکانیان پەیوەندی دارە بەو مەسەلەیەوە ،ئەمەش بوە مایەی چاوەروانی هەلوێست و هاوکات دلخۆشی ،چاوەروانی هەلوێست بۆ ئەوەی کە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو وەزیرانە دەکرێت و دڵخۆشیش بەوەی کە پارلەمانتارانی کوردستان درکیان بە ترسناکی دیاردەکەو پێویستیی هەلوێست وەرگرتن کردۆتەوە، بەندە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو رۆژە بوم ، سەرەتا ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنەی داکۆکی لە ژنان و ئافرەتان لە ژورێکدا کۆبونەوە و ئەو پرسیارانەی پێشتر ئامادە کرابو دابەش کراو هەر ئەندامە دیاری کرد چ پرسیارێك دەکات ، ئەو پرسیارانەی کە لە ئان و ساتێکی وادا دەکرێت دەبوا ئەوپەری جورئەت و تورەیی و هەولدان بۆرازی کردنی ویژدان و وروژاندنی رای گشتی لە خۆ بگرێت بەلام ، ئەو پرسیارانەی دابەش کراو دواتر لە هۆلی پارلەمان ئاراستەی وەزیرەکان کرا،لە کۆمەلێك پرسیاری شەرمنانەی وەك : بەرنامەی وەزارەتەکەی تۆ چی یە ؟چی کراوە بۆ دەستگیر کردنی بکوژانی ژنان؟تاچەند وەزارەتەکەت هاوکاری ژنانی ناچارکراو بە لەشفرۆشی کردوە؟چی کراوە بۆ ئەو ژنانەی روبەروی کوشتن بونەتەوە ؟ تێپەری نەکرد، هەموان ئاگادار کرانەوە لەوەی دانیشتنەکە دەست پێدەکات و ئەندامانی پارلەمان چونە ژورەوەو ئەو پەیامنێرانەی لە هەندێك کەنالی راگەیاندنەوە هاتبون چونە بەشەکەی سەرەوە کە دەکرا لەو رۆژەدا نوێنەری زۆربەی رێکخراوەکانی ئافرەتان و مافی مرۆڤ ئامادەبونایە لەبەر ئەوەی ئەو دانیشتنە بوە وێستگەیەك لە خەباتی ئەوان کە ئەوان تیایدا پیوارن.

دانیشتنەکە دەستی پێکرد و پاش ووتەی سەرۆکی پارلەمان، سەرۆکی لیژنەی مافی ئافرەتان راپۆرتێکی خوێندەوە تیایدا ئامارەکانی کوشتنی ژنان و کۆمەلێك پێشنیار خرانە رو و پاش خوێندنەوەی راپۆرتەکەش لەلایەن ئەو ئەندامانەوە کە پرسیارەکانیان وەرگرتبو ،پرسیار لە وەزیرەکان کرا ، پرسیاەکان هێندە شەرمنانەو نەرم بون وەزیرەکانی کردە خاوەنی گۆرەپانەکەو هەرکەس پاکانەی خۆی کرد و بە موداخەلەی چەند ئەندام پارلەمانێك ،لەوانە ئەندام پارلەمانێك کە دەوترێت خوشکی خۆی کوشتوە ووتی (پێویستە بەشداری ژنان لە پۆستە حکومیەکاندا زیاتر بێت لەوەی کە هەیە) ،کۆتایی بە دانیشتنەکە هات و راگەیەنرا کە ئەوە دوا دانیشتن نابێت لەسەر ئەو مەسەلەیە و هەموان هۆلەکەیان بەجێهێشت .

ئەو دانیشتنە زۆر بە ئاسانی و بە بێ گفتو گۆ کۆتایی هات بەلام ئەوەی هەرگیز کۆتایی نایەت کوشتنە ،سولح کردنە خەتەنە کردنە ،بە بچوکی مارە کردنە ،توندوتیژیە دەرهەق بە ئافرەت و منداڵ، لەشکرینە........

ئەو رۆژەی کە کەسانێك بە هیوا بون تیایدا ئەندامانی پارلەمان جەریئانە شەرکەر ئاسا ناهەقیەکان بخەنە بەردەم وەزیرەکان زۆر بە ئاسایی تێپەری و لە **بەخێرهاتنی وەزیرە بەرێزەکان و سوپاس بۆ هاتنتان** و پرسیارە شەرمنەکان کارێکی تر نەکراو شەرعیەتیش درایەوە بەو هەموو کارە نایاساییو نامرۆڤانەی بەرامبەر ژنان دەکرێت، تا قۆناغێکی تریش تەنها چاوەروانی هەیە نەك هەلوێستێك.